# ڤان

# ئیرۆتـــــــــــــــــــــــــیك

**قوبادی جەلیزادە**

( دووەم )

« **ڤان لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بۆ .. گۆشەیەکی خنجیلەی سەرچنار** »

_ 1 _

**سەرچنار خنکاوە لە نوور ..**
**دەڵێن ئەستێرەیەك**
**کشاوەتە سەر گردێك .**

_ 2 _

**کە پێدەنێتە سەر گردەکە ،**
**گوڵ و**
**لۆکەو**
**هەنگوین و**
**تریفەو**
**لەزەت ،.**
**بە یێکەوە دەبارن !**

_ 3 _

**ئەو گردە**
**کە گوێی لە ترپەی دڵمان دەبێ ..**
**دەبێ بە درەختێکی کەڵەگەت و**
**ئێمەش بە دوو کۆتری سپی .**

_ 4 _

چاوەکانت پڕکردووم لە جوانی..

ئیتر دەڕژێیتە

کوێمەوە ؟

_ 5 _

قورسایی جوانیی ڤان نەبوایە ،

زەوی خێراتر

بە دەوری خۆردا دەسووڕایەوە !

_ 6 _

ڤان نەبوایە

خەون رەش و سپی دەبوو !!

_ 7 _

بە رۆژ

خۆر لە ڤژیا دەخەوێ و

شەوانەش مانگ

لەسەر سینگی !

_ 8 _

ڤان ..

بستێکی ماوە

دەستی بگاتە ئاسمان !

_ 9 _

ئەو شەوە ڤان

لە هەموو درەختەکانی سەرچنار

کەڵەگەتر بوو !!

_ 1. _

دەم نەبوو

ئاگردانی پشکۆ بوو .

دەمێك لێوی داغ دەکردم و

دەمێك زمان !

_ 11 _

ماچەکانمان

بوون بە جۆگەلەیەك رونگ و

رژانە چەمی سەرچنارەوە !

_ 12 _

ڤان ..

بە هەنگوین شتمی

بە تریفە ووشکی کردمەوە

بە قژ دایپۆشیم !

_ 13 _

لە چاوە مەستەکابیەوە ،

دوو گۆزە شەراب ،

دەرژێنە رۆحمەوە .

_ 14 _

لە تریفەی سینگی ڤان و

قژی سپی منەوە ,

بارانی زیو دەبارێ !

_ 15 _

نوری ڤان نەبوایە
هەردوو لیۆوو
هەر دە پەنجەم ،
لە تاریکی شەوا
گوم دەبوون !

_ 16 _
ڤان .. هەتا ،
هەنگوینی رژاوی داوێن و
تریفەی پژاوی مەمك و
ماوانکەی پساوی ماچی کۆکردەوە ،
بوو بە نیوە شەو !

_ 17_
ئێستاش ،
پەنجەکانم دەدرەوشێتەوە
ئەمە ورشەی تریفەی ،
مەمکە نورانییەکانی ڤانە .

_ 18_
ڤان بەر لەوەی دابەزێ ..
دڵی خستمە ناو جانتاکەی
دەستی و
بردی !

_ 19_
بۆنی ڤانم لێ دێ ...
ناوێرم سەرکەم بە ماڵا
ئەمشەو لەناو ماشێنەکەمدا

دەنووم !

_ 2. _

بە تەنیا دەچمەوە سەر گردەکە
هەواڵی ڤان دەپرسیٚ ..
من پیٚکەکەم پڕ دەبیٚ لە فرمیٚسك و
ئەو کۆشی پڕ دەبیٚ
لە ماچی ژاکاو !

_ 21 _

ئەو گردە
لە ئیٚمە فیٚری عشق بوو ..
شەو تا ڕۆژ دەبیٚتەوە
لە گەڵ گردەکەی بەرامبەری
مەسیٚج دەگۆڕیٚتەوە !

_ 22 _

ڤان ..
سەفەری کرد
منیش تا هەتا ،
بەم گردە دڵتەنگەوە ،
درەختیٚکم
لە درەختە غەمگینەکانی
سەرچنار !